# عیراق كۆمەلگایەكی شارستانییە

# و حوكمی ئیسلام تحمل ناكات !

محمد غفور

10فیبروەری2005

لەحوجرەی علی سیستانییەوە فتوای ئەوە دراوە كەدەبێ ئایینی ئیسلام سەرچاوەی ئەصلی دەستووری وولآت بیت.وەهەر هەولیك بۆجیاكردنەوەی دین لەدەولەت قبول ناكەن.ئەمە قسە وپەیامی ئیسلامی سیاسییە بەشیوەیەكی گشتی سەبارەت بەدەستوور ودەولەت. مەرجەعییەكانی شیعە لەمجلیسی حوكمیشدا بریاری 137یان پەسەندكرد، كەبریتی بوو لەپیچانەوەی تەنانەت یاساكانی مەدەنی وئەحوالی شخصی سەردەمی رژیمی بەعس ودانانی شەریعەی ئیسلامی لەجیگایاندا,ئەوەبوو ئەوسا ئەم بریارە وەكو زەنگیكی خەتەرناك سەری كیشای بەبەردی شارستانییەت وبزووتنەوەی ئازادیخوازی وهیزی عیلمانی كۆمەلگای عیراقدا، وپیچرایەوە.

ئیستا بەشوین مەسخەرەی هەلبژاردندا مەرجەعییەكانی شیعە پییان وایە شەرعییەتیان پیدراوە وئەتوانن حوكمی رەشی ئیسلام بسەپینن بەسەر كۆمەلگای شارستانی عیراقدا لەریگەی دانانی ئایینی ئیسلام وەكو سەرچاوەی ئەصلی دارشتنی دەستووری عیراق.بەلآم سیستانی ودارودەستەی ئیسلامی جۆراوجۆر دەبێ ئەوە بزانن كەنەوە یەك لەدوای یەكەكانی ئەم وولآتە زیاتر لەسەدەیەكە كۆمەلگای شارستانییان دامەزراندووە وممارەسەی ئۆرگان ودامەزراوە مەدەنی وكۆمەلآیەتییەكان دەكەن. سەرەرای وەحشییەت ودیكتاتۆرییەتی رژیمی بەعس ودوژمنایەتی قوولی سەددام وپیاوەكانی لەگەل ئازادی ومافەكانی ئینسان وژنان و، وەلآمدانەوەی هەر دەنگیكی نارازی بەسەركوتی خویناوی، بەلآم تارادەیەكی زۆر سیمای كۆمەلگای شارستانییان پاراست،ولەچاو زۆریك لەوولآتانی عەرەبی وناوچەكەدا عیراق كۆمەلگایەكی شارستانی تر ولەپیشتر بووە.وەكەسانی وەكو سیستانی وپیاوانی ئاینی ئیسلام ومەرجەعییەتی شیعە لەناو مزگەوتەكان ولەچوارچیوەی شوینە دینییەكاندا خەریكی نویژ ودۆعابوون بۆ سەددام ودەسەلآتەكەی وبەنوینەری خودایان لەقەلەم دەدا لەسەر ئەرز!ئیستا ئەم خەلكە هیچ شتیك ناچاریان ناكات كەحوكمی ئیسلام لەسەر دەستی ئەم خزمەتچییانەی دەسەلآتی سەددام وهیچ نوینەریكی تریاندا ملبدەن بەحوكمی بەربەری ئیسلام ومەرجەع وخورافەی حسن وحسین.ئەمانە نوینەری تاریكی وخورافە ونەزانی ودواكەوتوویین.ئەم زومرە دواكەوتووە دەسچنەی جمهوری ئیسلامی ئیران،وپەروەردەی بارودۆخی سیناریۆی رەشن،نەك هەر لایەقی حوكمرانی هیچ شوینیك نین كەئینسانی تیدا بیت،بەلكو سەعادەت وئاسوودەیی ئینسانییان لەگرەوی پاككردنەوەی ئەم دومەلە پیسانەی جەستەی كۆمەلگاكەیاندایە.

نموونەی حوكمی رەشی ئیسلام بەباشترین شیوە خۆی نیشانداوە لە ئیران،ئەفغانستان،وپەیام وكارنامەیان بۆ كۆمەلگا ومرۆڤایەتی تەنها تیرۆر وكوشتار وتۆقاندن وملپەراندنە.لەژیرسایەی حوكمی ئیسلامدا شتیك نییە پیی بووترێ ئینسان.ئینسان عەبدی خودایە ودەبێ ملكەچی خورافاتی ئایینی بیت.ژنان دەئاخنرینە ناو مالّ وبەپیی یاسای خودا رەسمیەت دەدریت بەكۆیلایەتییان بۆ پیاوان.دەستی رەشی ئیسلام دەبیتە كابوسیكی ئەبەدی بەسەرسەری ژنانی وولآتەوە وسەنگسار وئیعدام لەلایەن دەولەتەوە رەسمییت پی دەدرێ،وناموسپەرستی وپیاوسالاری وباوكسالاری ئەكاتە فەرهەنگی باوی كۆمەلگا وشەرعییەت پەیدادەكات. ماف وئازادییەكان وشادی وخۆشی یاساغدەكرێ.لەیەك قسەدا كۆمەلّ دەگیرنەوە بۆ میژووی پیش سەردەمی شارستانییەت.

خەلكی عیراق ولەپیشیانەوە ئازادیخوازان وژنان دەبێ ئەم هەرەشەیەی مەرجەعی شیعە وەكو ئاكامی سیناریۆی هەلبژاردن وبەرەنجامی پروپووچی دیموكراتیزەكردنی عیراق لەلایەن ئەمریكاوە تەماشابكەن. دەبێ بەدەربرینی نارەزایەتی جۆراوجۆر و بەرفراوان ئەم فتوایە ریسواوپەك بخەن،وەكو بریاری 137.حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق كەبەروونی ئەم زەنگە خەتەرەی پیشبینی كردبوو،وەرامایگەیاند كەهەلبژاردن سیناریۆیەكە ئیسلامی شیعە شەرعییەت پیدەدا،وسبەینێ یەكەم هەنگاویان تەشریعكردنی ئیسلامە وەكو یاسا ودەستووری وولآت، لەریزی پیشەوەی خەباتی سیاسی وجەماوەری ئەم خەلكەدا بووە.وەلەپیناوی گیرانەوەی مەدەنییەت بۆ كۆمەلگا لەریگای كردنەدەرەوەی هیزی داگیركەری ئەمریكا وئیسلامی سیاسییەوە خەبتیكی درەخشانی هەیە.ئەم حیزبە ئالآی بنیاتنانی كۆمەلگایەكی ئازاد وسكۆلاری هەلكردووە.ریزی یەكپارچەی خەلك وئازادیخوازان لەدەوری ئەم ئالآیە هەردوو بەرەی تیرۆریستی ئیسلامی وئەمریكایی وجەنگ وكیشمەكیشیان بەشكست دینێ، ولەم وولآتە ئەیانكاتەدەرەوە.چونكە هەلبژاردن دریژە بەمانەوەی هیزەكانی ئەمریكا دەدا وململانیی نیوانیشیان بەسەرسەری خەلكەوە رادەگرێ. هەركەسێ دلی بۆ ژیانیكی باشتر وكۆمەلگایەكی كراوە لیدەدات ئەركییەتی لەبەرامبەر ئەم دوو بەرە دژە خەلكییەدا،حیزبی كۆمۆنیستی كریكاری عیراق بەهیزبكات.